

# گەلۆ هەبوونی دۆستی کچ یا دۆستی کوڕ گرفتێکی هەیە؟

**سەردەشت کوردستانی**

وڵامدانەوە بەم پرسیارە پەیوەندی بە تەمەنی پرسیارکەرەوە هەیە. ڕاگەیەنە وێنەییە پێشکەتووەکان وەك تەلەفیزیۆن، کاریگەری لە سەر گەلاڵەی هزری منداڵان دادەنێن. زۆربەی منداڵانی کچ و کوڕ تووشی وەسوەسە دەبن کە هەر وەکوو تەلەفیزیۆن و ڤیدیۆ هەڵسوکەوت دەکەن، یا زووتر لە شێوازی ئاسایی، خۆشەویستی تایبەتی خۆیان دەبێت.

بە شێوەی سروشتی کچان و کوڕان تاکوو تەمەنی ١٢یا١٣ ساڵی حەزیان لێیە بەشێك لە کاتی خۆیان دەگەڵ هێندێك لە هاوڕەگەزەکانی خۆیان رابوێرن. کاتێك کە ئەوان گەورەتر دەبن، سەرەنجیان بۆ لای پێچەوانەی رەگەزی خۆیان ڕادەکێشرێ. هێندێك جار ئەوان ئاشقی کچێك یا کوڕێکی تایبەتی دەبن. بەداخەوە وا باوە کە خۆشەویستی کردن لە تەمەنی کەمدا عاشق بوونیکی واقیعی نیەو زۆر درێژخایەن نابێ و لە دوای چەند حەوتوو یا چەند مانگ، تازە هیچ تامەزرۆیی‌یەکیان بە نیسبەت یەکترییەوە نامێنێ. هەبوونی ئەم شێوە هەست ناسکێتییە رەنگە هەڵە نەبێت، بەڵام نابێ ئەو تازە لاوانە تووشی ئەم ڕامانە هەڵەیە بن کە پەیوەندی بە تەواوی ژیانیانەوە هەیە.

هێندێك جار، کاتێك ئەم شێوە پەیوەندیی دلە ناو دەچێت، کەسی بێ

هیوا دەڵێت: "بە بێ وی ناتوانم درێژە بە ژیان بدەم"، کە بەراستی ئەم کارە هەڵەیە.

هێندێك جار ئەم عەشقە حەزێکی تەواو هەوەسیانەیە کە ئاکامەکەی دەبێتە تاوانی پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی چوار چێوەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دا.

کچ یا کوڕ دەبێ فێر بێت کە چۆن دەگەڵ کەسێك لە رەگەزی پێچەوانەی خۆی بە شێوەیەکی شیاو پەیوەندی دابمەزرێنێ. ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن لە تەمەنێکی کەم دا کچ یا کوڕی تایبەتی خۆیان هەڵنەبژێرن. هێندێك تووشی ئەم کێشەیە دەبن کە بە وتنی ئەم پەیڤە لە لایەن کوڕێك کە دەڵێ:" عاشقی تۆم... ئەتۆ تەنیا کەسی ژیانی منی... بۆ هەتاهەتایی خۆشم دەوێی..."، هەر زوو پەیوەندی دۆستانە دادەمەزرێنن. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە لە هێندێك کاتدا ئەم دۆستایەتییە راستین (دروست) بێت. بەڵام ئاکامی ئەم شێوە پەیوەندییە خۆشەویستییە لە زۆربەی بابەتەکاندا لێك جیابوونەوە و پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە تەمەنێکی کەمدای لێدەکەوێتەوە و زۆربەی ئەو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشانەش بەراستی ئاکامێکی تاڵیان لێ دەکەوێتەوە. لێکۆڵینەوە(خوێندنەوە) کۆمەڵناسییەکان زۆر جار دروستی ئەو بابەتەیان سەلماندوە. کە وایە وڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە کاتێك "بەڵێ" یە کە کچ و کوڕ گەیشتنە تەمەنی پێگەیین. ئەم وڵامە بۆ ئەو کوڕانەی کە تەمەنیان لە ٢٣ تا ٢٥ساڵی دایەو بۆ ئەم کچانەش کە تەمەنیان لە نێوان ١٩ تا٢٠ ساڵی دایە، دەبێت.

لەو تەمەنە دا ئەوان باشتر دەتوانن بە بێ تووڕە بوون دەگەڵ شتێك دژایەتی بکەن.

خۆویستییەکی کەمتریان هەیە. زۆربەی هەڵەکانی خۆیان لە هەمبەر یەکتر دا پەسەند دەکەن و زۆرتر ئاگایان لە پەسەندکردنی بەرپرسیاریەتی کەسەکەی بەرامبەر هەیە.

لێرەدا دایك و باب رۆڵی سەرەکیان دەکەوێتە ئەستۆ تاکوو کوڕ یا کچەکانیان هۆشیار بکەنەوە، بە تایبەتی دایك دەبێ لەو بوارەدا وا هەڵسوکەوت دەگەڵ کچەکەی بکا کە کچەکەی هیچ شتێکی لێ نەشارێتەوە و راوێژی دەگەڵ بکات و لە بەلارێ دا چوون ئاگاداری بکاتەوە. بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە دا کاتێك دایك یا باوك هەست دەکا کە کچەکەی ئاشق بووە، لە جیاتی ئەوەی کە کچەکەی رێنوێنی بکات، لێی تووڕە دەبێت و دەیخاتە ژێر چاوەدێرییەوە و ئازادییەکانی لێ سنووردار دەکات، کە ئەو شێوە هەڵسوکەوتە زیان بە کچ دەگەیەنێ و بەلارێشی دادەبات.

سەرچاوە:

وێب سایتی www.Takchin.com